# یادێک لە مامۆستا هەژار

نوسینی: ڕێبوار حسێنی

**چەپ گەردی گەردوون گەڕان کوشتمی**
**نەزان پەرستی بۆ نان کوشتمی**
**هەر چەوسانەوەی بێ حەسانەوە،**
**ئاخ مردن لە کوێی؟ ژیان کوشتمی!**
(مامۆستا هەژار )

زۆر دەگمەنن ئەو مرۆڤانەی کە سەرەڕای ژێر دەستەیی خۆیان و نەتەوەکەیان و ژیانی کولەمەرگی و دواکەوتوویی کۆمەڵایەتی لەلایەك و لەناو گێژاوی سەر هەڵگرتوی زۆر داری و بێ عەداڵەتی و خوێنرێژی دەسەڵاتدارانی ڕەگەز پەرست دا لەلایەکی ترەوە، بتوانن وەك تیرێژ و شەبەقێکی ڕنگاو ڕەنگ، دربە شەوەزەنگی ڕەشی بێ بەشی مرۆڤایەتی بدەن و ببنە چۆلە چرای ڕووناکی ڕێگای خۆ دۆزینەوەو بەرەو قوتار بوون چون لە بیابانی نەزانی و نەخوێندەواری دا. بەڕاستی ئێستاشی لەگەڵدایە داهاتوشی بێتە سەر، مرۆڤە چازان و بیرۆمەند و بلیمەتەکان لە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی دا بەگشتی و لە کۆمەڵگای ئێمەی کورد دا بەتایبەتی، ئەژمار و دانستەن، کەلەبوارە جۆراوجۆرەکانی:

ئەدەبی، کۆمەڵایەتی، سیاسی و ئایینی دا، ئاڵای بەرەوپێشچون و فێرکردن و تێگەیاندن و پێگەیاندنیان لەسەر نەڕەی شانی دانابێ و داشدارو ڕێبەرو ڕێنوێنی چین و توێژە جۆراو جۆرەکانی کۆمەڵیان بوون!. گەلی کوردی بە فەرهەنگی، فەرهەنگ و کلتورو زمان پێشێل کراو، خاوەنی ئەژمارەدەیێك لەو مرۆڤە دانسقەو ئەژماردانەیە کە وەك ئەستێرەیێکی پڕ شۆق و تروسکە دار،لە ئاسمانی فەرهەنگ و کلتوری نەتەوایەتی مانەوە دەترووسکێتەوە و هی واشیان تێدایە کە وەك خۆر و هەسارەیێك، ئەستێرەو هەسارەی تر بەدەوریدا لە سوور و خول دان و گەرماو ڕووناکی لێ وەردەگرن.

باغچەی ئەدەبی کوردستان، لە گەرمیان و لە کوێستان، لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا، بێ بژار و پاڕانەوە. زەنوێر و ڕازاوەیە، پڕ بۆن و بەرامە. بۆچی و هۆکەی کامەیە؟. هۆی پاراوی زمانە، لێزانی زمانەوانە. بە هەستی شاعیرانە، سۆزو ئەوینی جوانە. یەکێك لەو زانایانە، لەو پسپۆڕو چازانە. مامۆستای مامۆستایان، شۆڕەسواری مەیدانی وێژەوانی، قوتابخانەی نەبەردی، زانای زامنی کوردی. فیلسوف، زانا، هێژا. نەسرەوتوو لە ڕێی وێژە. وەستای دیواری هەلبەست، هەست بزوێنی خاوەن هەست. هۆی شانازی ئەدیبان، دۆستی زاناو نەجیبان، مامۆستا عبدولرەحمان شەرەفکەندی ناسراو بە مام هەژار موکریانیە.

مامۆستا هەژاری هەژار کوردان ئەو شاعیرو وەرگێڕو فیلسوف و زمان زان و سیاسی و خەباتگێڕیە کە هەموو کەس پیرو لاو خوێندەوار و نەخوێندەوار، لە نزیکەوە لەگەڵ بەرهەمە بایی دارەکانی ئاشنان و لەگەڵ هەڵبەست و چیرۆك و قسە نەستەقەکانی دا، ژیاون و دەژین.

مامۆستای بلیمەت و پایە بەرزمان زۆربەی هەرەزۆری ژیانی پڕ لە ڕەنج و کوێرەوەری خۆی, بۆ خزمەت بە نەتەوە و نیشتمان لە ڕیزی پێشمەرگەی کوردستان، لەبن بەرد و ناو ئەشکەوتاندا بردۆتە سەر و لەپێناو خۆشکردنی ژیانی گەلەکەی دا، ژیانی لەخۆی تاڵ کردوە.بە پەرتەوازەیی و لە هەندەران، بەردەوام لە خزمەتکردن ئەدەب و فەرهەنگی نەتەوەکەماندا بووە. لەبن شۆقی چراوگ و چلۆسك و لەبن بەرد و تاریکایی ئەشکەوتاندا بۆ گەل و نیشتمانەکەی نوسیویە و هۆنیویەتیەوە و هەمانەوە هەماری ئەدەبی نەتەوەکەی پێ مشت کردوە!. مامۆستا هەژار سەرچاوەیێکی زوڵاڵ و بەتەوژمی وێژە و ئەدەبی کوردی و هاندەرو ئیلهام بەخشی ڕووناکبیران و شۆڕشگێڕان بووە و هەیە لەپێناو خاشەبڕ کردنی زۆرداری و ژێر چەپۆکەیی و ڕزگاری و پێشکەوتنی کورد و ئازادی و ئاوەدانی کوردستان دا. مامۆستای نەمر هەر مرۆڤێکی خاوەن هەستی نیشتمان پەروەری و هەوڵ دان بۆ زانیاری و زانین دیبێ، خۆشی ویستوەو پشتی گرتوەو بەپێچەوانەشەوە، هەرکەس کە پشتی لەگەلی کردبێ و کلکەسوتەی بۆ دوژمنانی نەتەوەکەمان کردبێ، بە خۆفرۆش و خائین و سپڵە و مایەی شەرمەزاری زانیوەو بەوپەڕی توانایەوە بەگژی دا چوەو لەناو کۆمەڵ دا لەقاوداوە. کتێبی،،بۆ کوردستان،، ی بەڵگەیێکی حاشا هەڵنەگری ئەم ڕاستیانەن!.

بەبۆچونی من مامۆستا هەژار، هەربە تەنیا شاعیرو وەرگێڕو نووسەرو فەرهەنگ نوس نەبووە بەڵکو فیلسوف و زانایێکی بواری کۆمەڵایەتیش بووە. بۆ وێنە کاتێك مرۆڤ بەرهەمە شێعریەکە بەناوی ( بەیتی سەرەمەڕ یان کۆشکی بلورین ) دەخوێنێتەوە بەڕاشکاوی بۆی دەردەکەوێ کە چەندە شارەزایانە گەڵاڵەو پلان بۆ داهێنان و ئاوەدان کردنەوە دادەڕێژێ و چۆن لەو کۆمەڵگایە دا کە لەوباسەدا لەسەری دەدوێ و لەبەرچاوانی ڕادەنێ، ئەرك و مافەکانی تاك و کۆمەڵ و دەسەڵات دیارو دەستنیشان دەکات. بەڕاستی ئەوجۆرە بەرنامە ڕێژیە بۆ ژیان و دەست نیشان کردنی بەرنامە و ماف و ئەو ئەرکانەی کە ئەو لەو سەردەمەدا ئەو باسی لێوە کردون و ئەوشێوەی کە ئەو لە بوارە جۆراو جۆرەکانی ژیانی مرۆڤ دا گەڵاڵەی کردون، هەرئەو جۆرە بەرنامە و یاسا و ڕێسایانەن کە ئێستا لە نیزام و دەسەڵاتە پێشکەوتو و سوسیال دیموکراتەکانی دونیا دا، کاروباریان پێ بەڕێوە دەبرێ و گەلانی پێشکەوتوو شانازیان پێوە دەکەن.

کە ئەوەش ئەوە دەسەلمێنێ کە مامۆستا هەژار لە دارشتنی پلان و یاسا دانان بۆ بەڕێوەبردنی کۆمەڵ، توانای بەرچاوی هەبووەو ئەوەش ئەوە دەردەخا کە مامە هەژار لەبواری سیاسیشدا شارەزاو لێزان بووە دروست بە پێچەوانەی کەسانێك کە پێیان وایە مامۆستا هەژار سیاسی نەبووە.!!

بەڕاستی باس کردن لە کەسایەتی و لێهاتوویی و بیر تیژی و دەست هەڵێنی ئەو شاعیرە بەرز و بەرێزە بووە دەبێ کە بە ڕۆژ و حەوتوو سیمیناری لەسەر بگیرێ و لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێ و لە هەموو بارێکەوە شیکاری وەکرێ، کە ئەوەش کاری مرۆڤی لێزان و سەردەرچوی ئەو بوارەیەو لە توانای ئێمە مانان دا نی یە و هیوادارم خەمخۆرانی پسپۆڕ لەم بارەوە هەوڵ بدەن و مشورێك بخۆن. ئەوەی کە لێرەدا من دەتوانم بیلێم ئەوەیە کە : بەداخەوە ئەو گەورە پیاوە، ئەو چەوساوەی قەت نەحەساوە. ئەو شاعیری ناوداری کوردی، ئەو هاندەری ڕێی نەبەردی. هەرچۆن بە کوردی بۆ کوردان ژیا! ، لە ڕۆژی چوارشەممە ٢ی ڕەشەمەی ساڵی ١٣٦٩ی کۆچی خۆری، لە ناو کوردان دا مرد و کوردان شینیان بۆ کرد. ئەو ڕۆژە هەور گریا، زەوی ئامێزی گرتەوە، دایکی نیشتمان ڕوومەتی خۆی ڕنی. کۆرپەی ئەدەبمان هەتیوبوو، لەناو کوردان گریەو شین بوو. باغچەی ئەدەب سیس هەڵگەڕا شەونم لەسەر گوڵان چۆڕا. خامەی ئەدەب نووکی کول بوو، وێژە پشتی چەمایەوە. پەروانە بێ زەوق و سەرسام، مۆمی ئەدەب کوژایەوە. نووسەر و شاعیرانی کورد، وێکرا سۆرانیان شین کرد. منیش : وەك داری ڕوتی بێگەڵا، وەك نیشتمانی بێقەڵا. وەك هەتیوی بێ بەرگی خۆر لێئاوابوو، وەك ڕەنجدەری ئارەق ڕشتوی ڕەنج زایەبوو. وەك سەنگەری چۆڵی شەهید، وەك چاوەڕێی هیوابڕاوی بێ نەوید. وەك منداڵی هەژارێکی باب نەگەڕاوە لە سەفەر، وەك بابردەڵەی بێ دەسەڵاتی بەردەم بای قەزاو قەدەر. لە بیابانی یادی مامۆستای گەورەی کورد، سوڵتانی وڵاتی ئەوین و ئەدەب و وێژەدا، بە ئاوی ڕێژنە بارانی ڕەحمەتی یەزدانی دەستنوێژی وەفاداری دەشۆم و لە ساڵیادی کۆچی دوایی مامۆستا دا ڕوەو ڕووگەی ئەویندارانی وێژەو ئەدەب، نوێژی ڕێزو سڵاو بۆ بەرزی گیانی دادەبەستم و لە دیوانی یەزدانی پاك دا، داوای ڕەحمەت بۆ مامۆستا و گەشەو نەشەو ڕزگاری بۆ کورد و کوردستان دەکەم.



## درێژەی ڕاگەیێندراوی سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران، لە سەر کۆتایی

## شانۆی هەڵبژاردنی ڕژیم

لە ناوەندەکانی دەنگدانەوە دانی بە بەشداری نەکردنی خەڵك داهێناوە ئامادە نەبوونی خەڵك لەو ناوەندی دەنگدانە بۆ زوو بوونی کات گێڕایەوە. رادیۆی رژیم ڕەخنەی لە هەواڵدەریە خارجیەکان گرت فیلم لەو ناوەند و شوێنانە هەڵ دەگرن کە خەڵکی کەمی لێ یە.کاربەدەستانی رژیم بۆ ئەوەی بتوانن ژمارەیێك لە خەڵك بەرنە سەر سندوقەکانی دەنگدان هەرکام بە شێوەیێك لە یەکەم سەعاتەوە کەوتنە پروپاگەندە کردن و پاڕانەوە و تەنانەت ڕاپۆرتەکان باس لە بەڵێنی جۆراوجۆری کاربەدەستانی رژیم وەك پێدانی نمرەی زیاد بە خوێندکاران و دیاری وەك موبایل و شتی دیکە دەدەن بۆ ئەوەی خەڵك بەشداری دەنگدان بکەن._جیاواز لە پروپاگەندە و هەوڵی کاربەدەستانی رژیم بۆ بەشداری کردنی خەڵك لە دەنگدان، هەواڵی جۆراوجۆر لە سەر ساختەکاری بەرین بڵاوبونەوە، بەشێك لە ساختەکاریەکان لەلایەن باڵی بە ناو ریفورمخواز ئاشکرا کران. موسەوی لاری سەرۆکی ناوەندی هەڵبژاردنی ئیسلاح خوازان لە نامەیێکدا بە سەرۆکی شورای نیگەهبان و وەزیری ناوخۆ رایگەیاند، بەڕێوەبەرانی هەڵبژاردن ڕێگەیان نەداوە نوێنەرانی ئەوان چاودێری هەڵبژاردن بکەن. ناوەندی ئیسلاح خوازان ڕەخنەیان لە هەڵبژاردن گرتوە و ئاشکرایان کردوە بەسیجەکان بە قازانجی باڵی دەسەڵاتدار پروپاگەندە دەکەن کە ئەوە بە پێچەوانەی قانوونی هەڵبژاردنە. لەگەڵ ئەو هەموو پروپاگەندەی دەسەڵاتداران و ناوەندە تەبلیغیەکانی رژیم، جەماوەری ئێران بە گشتی و کوردستان بە تایبەت، بە تەواوی شانۆی هەڵبژاردنیان تەحریم کرد. بە پێی ئەو هەواڵانەی کە بە تەشکیلاتی سازمان لە شارە جیاجیاکانی کوردستانەوە گەیشتووە، بیجگە لە ژمارەیێکی کەم لە خەڵك و ئەو کەسانەی بەکرێگیراوی رژیم بوون، کەس لە سەر سندوقەکانی دەنگدان ئامادە نەبوە. ئەو ژمارە کەمەی خەڵکیش کە بەشداریان کردوە، بەشێکیان لە بەر ئەوەی کارمەندی رژیم بوون و نەبوونی مۆری هەڵبژاردن لە سەر پێناسە و شناسنامەکانیان لەداهاتوودا کێشەیان بۆ دروست دەکات، بۆیە بە ناچاری چوون بۆ دەنگدان، کە ئەوانیش تەنیا بەرگەی بەتاڵیان خستۆتە ناو سندوقەکانەوە. هەڵوێستی شۆرشگێڕانەو بە جێی جەماوەری کوردستان لە بەرانبەر رژیمی سەرە رۆی ئاخوندی و نمایشی هەڵبژاردنی مەجلیسی هەشتەم و بەشداری نەکردنیان بووە مایەی خۆشی تێکڕایی و کردەوەیێکی جەرگ بڕە بۆ بە چۆك داهێنانی رژیمی ئاخوندی. خەڵکی ئێران و کوردستان بۆ جارێکی دیکە، بە بەشداری نەکردنیان لە نمایشی هەڵبژاردن، (نا) بۆ رژیم و دەسەڵاتی دیکتاتۆری و دواکەوتوویان بەرز کردەوە. سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران، لەگەڵ سپاس و قەدردانی بۆ خەڵکی تێکۆشەری کوردستان، بەشداری نەکردنیان لە نمایشی هەڵبژاردنی بە کارێکی نیشتمانی گەورە دەزانێ و سەرکەوتنی یەکجاری و رووخانی رژیمی ملهوڕی ئاخوندی بە نزیك و حەتمی دەزانێ. هەڵوێستی لێبڕاوانە و شۆرشگێڕانەی جەماوەری کوردستان و لاوانی تێکۆشەر، لە رۆژی هەینی ٢٣ی رەشەمە، بە حەماسەیێکی کەم وێنە و دڵخۆشکەر بۆ نەوەی ئێستا و داهاتووە.

سەرکەوێ خەباتی ئازادیخوازانی گەلانی ئێران و گەلی کورد.

بروخێ رژیمی سەرەرۆی ئاخوندی

کۆمیتەی ناوەندی

سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران

٢٤ی رەشەممەی ١٣٨٦

# ئەحمەدی نژاد دەڵێ: ڕژیمی ئێران هێزە گەورەکانی بە چۆکدا هێناوە




لە دوای بڵاو بوونەوەی ڕاپۆرتی نوێی ئاژانسی وزەی ناوکەیی لە مەڕ گەڵاڵە ناوکەیەکانی ڕژیم لە ڕۆژانی سەرتای مانگی ڕەشەمە، بەرپرسانی ڕژیمی ئاخوندی دەستیان کرد بە شادی و خۆشی و ناوەرۆکی ئەو ڕاپۆرتەیان بە قازانجی ڕژیم و بە شکستی ئەمریکا و ڕۆژئاوا بە گشتی زانی.

دیارە بەشێك لە ڕاپۆرتەکەی ئاژانسی وزەی ناوکەیی کە دەڵێ ڕژیمی ئێران وەڵامی بەشێك لە پرسیارەکانی داتەوە، ئەویش ئەو پرسیارانە کۆنانە لە پێوەند بە پرۆژەی خۆی سەوز، تاقی کردنەوەی تەقەمەنی بەهێز.

بەڵام تەواوی ناوەرۆکی ڕاپۆرتەکەی ئاژانسی وزەی ناوکەیی ئەوە نیە کە سەرانی ڕژیم دڵ خۆش بن پێی، بەڵکوو کاکڵەی ڕاپۆرتەکە دەرخەری ئەو ڕاستیەیە کە هەڵسورانی ناوکەیی ڕژیمی ئاخوندی، جێگەی باوەڕ پێ کردن نیە، لەو پێوەندیەدا ئاژانس دەڵێ، لە هەل و مەرجێکدا نیە کە ڕاگەیێنێ گەڵاڵە ناوکەییەکانی ڕژیمی ئاخوندی ئاشتیانە و مەبەستی سەربازی لە پشتەوە نیە.

هەروەها لە بەشێکی دیکەی ڕاپۆرتەکەی محمدالبرادعی هاتوە تا کاتێك ئاژانسی وزەی ناوکەیی وەڵامێکی روونی لە پرسیارەکانی دەست نەکەوێ و ڕژیمی ئێران پرۆتۆکۆلی لکێندراو (پروتکل الحاقی) جێ بە جێ نەکا، واتە بە چاودێرانی ئاژانسی ڕێگە نەدا لە ناکاو و بەبێ پرس سەردانی دامەزراوە ناوکەییەکانی بکەن، ئاژانس ناتوانێ رابگەیێنێ، گەڵاڵە ناوکەییەکانی ڕژیمی ئێران ئاشتی خوازانەیە.

جێگەی سەرسوورمانە کە دەسەڵاتدارانی ڕژیمی ئاخوندی لە خامنەیی و ئەحمەدی نژاد و ئەوانی دیکە ڕاپۆرتی ئاژانس بە سەرکەوتنی خۆیان ناو دەهێنن و نوقڵ و شیرینی بەو بۆنەوە، بڵاودەکەنەوە.

بڕیاری گرتنی جێژنی ئەتۆمی و ناوکەیی لەلایەن خامنەیی، بەڕاستی دەبێ چ سیاسەت و بەرنامەیێکی دیکەی ڕژیمی ئاخوندی تێدا ببیندرێ؟ مەگەر باوەڕ نەبوون بە گەڵاڵە ناوکەییەکانی ڕژیمی ئاخوندی و مەترسیدار بوونی. سوارکردنی کڵاوەی ئەتۆمی لەسەر مووشەکە دوورهاوێژەکانی ئەو ڕژیمە کە لە ڕاپۆرتی البرادعی دا هاتوە دەکرێ بە بەشێك لە سەرکەوتنەکانی ڕژیم بژمێدرێن؟ بێ گومان دەسەڵاتدارانی ڕژیمی ئاخوندی ئەم جارەش مەبەستیانە خۆڵ بکەنە چاوی خەڵکەوە و جارێکی دیکە درۆ لەگەڵ جەماوەری ئێران و تەنانەت شوێن کەوتوانیان بکەن.

ئەوە حاشا هەڵنەگرە دەسەڵاتدارانی ڕژیمی ئاخوندی مەبەستیان نیە هاوکاری ئاژانسی وزەی ناوکەیی بکەن و ئەو پروپاگەندەیەش کە بە ڕاپۆرتی نوێی ئاژانسی ئەتۆمیەوە دەیکەن کە سەرکەوتنی بۆ ڕژیم تێدا بوەو و کۆمەڵگەی جیهانی دەبێ دیان بە مافە ناوکەییەکانیاندا بێنێ، هەر بۆیە ئەوە بە یەکجاری ڕێگە لە ئاژانس بگرن چاودێری گەڵاڵە ناوکەییەکانیان بکا و ئەو کارەیان بە بیانووی تۆڵە لە کۆمەڵگەی جیهان، ناولێ بنێن و تاوانی هاوکاری نەکردن و پێوەندی پچڕان لەگەڵچ ئاژانس بخەنە ئەستۆی ئەمریکا و وەڵاتانی ئوروپایی. هەر وەك چۆن محمد عەلی حسین وتەبێژی رژیم رایگەیاندبوو تازە ووتوێژەکان لەگەڵ وەڵاتانی ٥+١ پێویست ناکا، زۆر نزیکە لە داهاتوودا ئەوەش راگەیێنن کە ووتوێژ لە لەگەڵ ئاژانسی وزەی ناوکەیی پێویست ناکا.

یەکێك لە نیشانەکانی سەرپێچیە نوێ کانی رژیم لە بەرانبەر کۆمەڵگەی جیهانی و ئەو گومانەی کەوێ دەچێ لە داهاتوودا ئەو هاوکاریە سەرەتایی و سنووردارەی لەگەڵ ئاژانسی نێودەوڵەتی وزەی ئەتۆمی ڕاگرێ، هەوڵە تازەکانی دەسەڵاتداران بۆ دامەزراندنی سانتریفۆژ لەگەڵ دەستگای دەرباز بوو لە ناوەند، بە پێی ووتەی دیپلوماتەکانی پێوەندی دار بە ئاژانسی وزەی ناوکەیی لە چەند حەوتووی ڕابردوودا ١٠ تا ١٥ سانتریفۆژی ٢ـ IR لە ئیران لەگەڵ تۆزێك لە گازی هیگزیفلورایدی ئورانیوم کە بۆ دروست کردنی سووتەمەنی دامەزراوەی ناوکەیی یا مادە و پێك هاتەی لێك واڵاکردن بۆ چەکی ئەتۆمی بە کەڵك بێ دەست پێ کردوە.

جەوادی وەعیدی جێگری ئەمنیەتی نێودەوڵەتی شۆرای بەرزی ئەمنیەتی رژیم، رایگەیاندبوو، ئێران نەتەنیا ٣٠٠٠ سانتریفۆژی لە نەتەنز، ئورانیوم دەپاڵێوێ، بەڵکوو لە سەر نەوعێکی نوێ لە سانتریفۆژەکان کار دەکا.

ئەو کردار و هەڵوێستانەی رژیم، دەرخەری ئەو راستیانەن کە دەسەڵاتداران لە ئێران، لە داهاتوودا زیانی گەڵاڵە مەترسیدارە ناوکەییەکانیان پەرە پێ دەدەن و زۆر وێ دەچێ سەرپێی زیاتر لە بەرانبەر کۆمەڵگەی جیهانی ئەنجام بدەن.

هەر وەك ئەحمەدی نژاد لە ووتوێژ لەگەڵ تلویزیونی رژیم رایگەیاند رژیم درێژە بە گەڵاڵە ناوکەییەکانی دەدا و وەڵامی هیچ هێز و دەستەیێك ناداتەوەو، وەڵاتانی خاوەن هێز و هەر کەس ئەگەر لەوە نارەحەتە با پەراخێك و ئاوە خۆرەیەك ئاو بخواتەوە.

ئەحمەدی نژاد دڵخۆش بوو لە ناوەرۆکی ڕاپۆرتی نوێی ئاژانسی وزەی ناوکەیی، رایگەیاند رژیم، وەڵاتانی خاوەن هێزی بە چۆکدا هێنا.